Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان - کوردستان

سێپتەمبەر

2014

ڕاپۆرتی پەروەردە

# کۆنفیدراڵیزم، پردێک بۆ سەربەخۆیی

"بیروڕای ئەم پسپۆڕانە لەم ڕاپۆرتەدا وەرگیراوە: دکتۆر شێرزاد نەجار(یاسا و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی)، دکتۆر حاکم شێخ لەتیف (دکتۆرا لە یاسای دەستوری)، دکتۆر لەتیف واحید(ئابووریناس)، گاریس ستانسفیلد(پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئیگزیتێر- شارەزا لە کەرکوک)، عەبدالحکیم خەسرۆ(دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی)، ئاسۆ کەریم(ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی). ژمارەیەکی زۆر ئاکادیمیسیەنی میوان و هاوکار، بەشداری سەمینارەکان بوون."


info@irdk.org

+964 66 257 6001

Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq

www.irdk.org


POLITICAL

# کۆنفیدرالیزم، پردێک بۆ سەربەخۆیی

## راپۆرتی

## ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان

*"بیرورای ئەم پسپۆرانە لەم راپۆرتەدا وەرگیراوە: دکتۆر شێرزاد نەجار(یاسا و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی)، دکتۆر حاکم شێخ لەتیف (دکتۆرا لە یاسای دەستوری)، دکتۆر لەتیف واحید(ئابووریناس)، گاریس ستانسفیلد(پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئێگزیتێر- شارەزا لە کەرکوک)، عەبدالحکیم خەسرۆ(دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی)، ئاسۆ کەریم(ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی). ژمارەیەکی زۆر ئاکادیمیسیەنی میوان و هاوکار، بەشداری سەمینارەکان بوون."*

چەمکی (De facto) واتە ئەمری واقیع، بە واتای دەوڵەتی دیفاکتۆ نایەت، بەڵکو مەبەست حکومەتی دیفاکتۆیە. لەکاتی رووودانی شەڕێکی ناوخۆ ئەم حاڵەتە دێتە ئەنجام. لە یاسای نێودەوڵەتی و لە ریزبەندی دەوڵەتاندا، شتێک بەناوی **دەوڵەتی دیفاکتۆ** لە ئارادا نییە. دەوڵەت مەرجی خۆی هەیە، ئەویش **سەربەخۆییە**. دەسەڵاتی سیاسی تا نەگاتە سەربەخۆیی، وەک دەوڵەت ناوزەد ناکرێت. چەند مەرجێک لە قۆناغی پێش دەوڵەتبوون لە ئارا دان؛ لەوانەش **هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و هەرێمی جوگرافیایی دیاریکراو**. سەرباری ئەمانەش، مەرجگەلێکی دیکەش هەن کە لە نەبوونیاندا، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تووشی ئاستەنگ و کوسپ دەبێتەوە (نموونە زەقەکەی تایوانە کە وەک دەوڵەت نەناسراوە. لە ساڵی 1972 دا دانی پێدانرا، بەڵام دوایی کورسیەکەیان لێ وەرگرتەوە و ئێستا لە رووی یاساییەوە گەمارۆ دراوە).

لەنێو یاسای نێودەوڵەتییدا، **ئاکتۆرە بێ دەوڵەتەکان** (Non-state actors) هەن؛ وەکو بزووتنەوە رزگاریخوازەکان یان هەندێک رێکخراوی نێودەوڵەتی. ئەمە رێکخراوگەلی تێرۆریستیش دەگرێتەوە. بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، **دامەزراندنی دەوڵەت** زۆر ئاسان نییە. دابین کردنی هەندێ مەرجی پێویست و هەروەها ددان پێدانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەبەستە حاشاهەڵنەگرە.

بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە هەرێمی کوردستان بیەوێ وەک دەوڵەتێک بناسرێت؛ خاوەن سێ مەرجە سەرەکییەکەشە (دانیشتوان، زەوی، دەسەڵاتی سیاسی)، بەمەشەوە دیسان پێویستی بەوەیە لەلایەن رێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ددانی پێدا بنرێت!

سەردەمێک خاکی وڵاتە داگیرکراو و چەوسێندراوەکان کە لە پرۆسەی ئێستێعماردا، لەلایەن زلهێزەکانی سەردەمەوە داگیر کرابوو، پاش کشانەوەی هێزەکانی داگیرکەر، داوای مافی سەربەخۆییان کرد و پرسەکەیان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا خرایە بەر باس و لێکدانەوە. پاشان دۆسیەکە بۆ ئەنجوومەنی سەرپەرشتکار(**مجلس الوصاية**) نێردرا و لە ساڵی 1960دا، بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی (الجمعيه العمومية) ئەو مافەیان پێ ڕەوا بیندرا. کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو نەناسراوە، هەتا ئەم یاسایە ئەویش بگرێتەوە!

جگە لەو 55 وڵاتە داگیرکراوە، هەندێ وڵاتیتریش بە شێوازگەلێکی جیا جیا توانییان مافی سەربەخۆبوونی خۆیان دەستەبەر بکەن؛

- چیکۆسلۆڤاکیا (لە ئاکامی ڕێککەوتنێکدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە لێکدی جیابوونەوە)
- کۆسۆڤۆ (لەوێ سەبارەت بە سێربەکان، لە دەستووردا ئاماژەیان کردووە کە پاش سێ ساڵیتر لەسەر ئەو پرسە ڕاپرسی دەکەن)
- سوودان (سەرەتا بەشێوەی فیدراڵ بەڕێوەدەبرا، بەڵام پاش ڕاپرسی لەسەر مانەوە یان نەمانەوە کە لەژێر چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوەچوو، دوو وڵاتی لێکەوتەوە)
- تەیموری ڕۆژهەڵات (سەرەتا لەژێردەسەڵاتی هوڵەندییەکاندا بوو، پاشان ئەندەنۆسیا داگیری کرد و پاشان لەبەر ئەوەی وەک داگیرکراو ناسێندران، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکاندا مافی سەربەخۆییان پێ بەخشێندرا)

پرسیار ئەوەیە؛ هەرێمی کوردستان لەگەڵ کام یەک لەم نموونانەدا یەکدەگرێتەوە؟! لەڕاستییدا هیچکامیان!

کاتی خۆی هەرێمی کوردستان، وەک بەشێک لە ویلایەتی موسڵ بە ڕاپرسی خراوەتە سەر عێراق. لەنێوان دەوڵەتی عێراق و تورکیادا سەرپشکیان کرد و عێراق بردیەوە. ویلایەتی موسڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو هەتا داگیر کرابێت، بەڵکو بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی بوو.

لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتێکی دیکە قەدەغەیە. ئەگەر ئێستا ویلایەتی کالیفۆرنیا بڵێ من جیا دەبمەوە، بە هێزی سەربازی کە لە دەستووردا جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەرەنگاری دەبنەوە. ناڵێن ئەمەریکا دیموکراسییە؟ با ڕاپرسی بکرێت ئەو 22 ملیۆن کالیفۆرنیاییە بڵێن ئێمە سەربەخۆییمان دەوێ. هەر ناهێڵن ڕاپرسیش بکرێت!

ئەمە مژارێکی دڵخواز نییە تا بەیاننامەیەکی چەند خاڵی دەربکرێت و داوای ڕاپرسی بکرێت! ئێمە تەنیا بۆ بابەتە

ناوخۆییەکان مافی ڕاپرسییمان هەیە.

لە بەریتانیادا لە هەمبەر ئیرلەندا مافی ڕاپرسی لە ئارا دایە. ئەویش لە ئەنجامی ڕێککەوتنی دوو لایەنەدا هاتووتە ئارا. بەڕای ئێوە لە عێراقدا تێگەیشتن و عەقڵیەتی لەو شێوە بەدی دەکرێت؟! جیا لەمەش بۆچوونی زلهێزەکانی جیهانی لەسەر ئەم مژارە کاریگەر دەبێ. هاوسەنگییەک لە ناوچەکەدا هەیە کە بە پێی نەخشە و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان ڕۆ نراوە (balance of power).

دوای ڕووخاندنی سیستەمی سیاسیی عێراق، بۆشاییەک پەیدا بووە کە چوار لایەنی سەرەکی (ئەمەریکا، ئێران، تورکیا و سعودیە) لەم نێوەدا بە خەستی بەدوای دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان. ئایا ئەوان ڕێگە دەدەن هەیکەلی عێراق بگۆڕدرێت؟!

گرنگە بزانین ئایا باسکردن لەسەر کۆنفیدراڵیسم، لەسەر بنەمایەکی دروست (وەک یەکێک لە پێشنیارەکانی داهاتوومان کە بتوانین کاری لەسەر بکەین)، بیری لێکراوەتەوە؟! هەروەک چۆن پێشتر داوای دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانمان دەکرد، دواتر بوو بە فیدراڵیەت و ساڵی 1992 لە پەرلەمانی کوردستاندا پەسەند کرا. ئێستا ساڵی 2014 ئێمە باسی کۆنفیدرالیەتمان هێناوەتە ئاراوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆنفیدرالیەت قۆناخێکە لە قۆناخەکانی بەدەوڵەتبوون یان لە دوای فیدراڵیەت شتێکی دیکەش لە ئارا دایە؟!

شارەزایانی بواری دەستوور، لەسەر ئەو پێناسەیە کۆکن کە کۆنفیدرالیەت بە واتای یەکگرتنەوە یان هەبوونی پەیماننامە لە نێوان چەند وڵات یان قەوارەیەکی سەربەخۆ پێناسە دەکرێت. دەستەواژەی کۆنفیدراسیۆن یان کۆنفیدرالیزم زۆرجار نەک تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی حوکمڕانی بەڵکو لە چوارچێوەی هەندێک لە یەکێتی و کۆمپانیاکان و وشەگەلی لەم چەشنەش بەکاردێت. لەڕاستییدا کاتێک ئاماژە بە فیدراسیۆن دەکرێ کە ئەندامانی پێکهێنەری فیدراسیۆنەکە، **سەربەخۆییەکی تەواویان** لە هەموو ڕوویەکەوە هەبێت. هەر بۆیە تەنیا دەستەیەکی باڵایان هەیە و بۆ چەند پرسێکی دەستنیشانکراو کاردەکات (ئەو پرسانەش دیاریکراون و لەپێناو جێبەجێ کردنی هەوڵ دەدەن).

ئەگەرچی پێکهاتەکانی کۆنفیدرالیزم سەربەخۆ دەبن، بەڵام هەر شەڕێک لە نێوان ئەم پێکهاتانە ڕوو بدات، ئەوا وەک **شەڕی نێودەوڵەتی** ناوزەد دەکرێ. کەچی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالی، ئەوا دەبێتە **شەڕی ناوخۆیی**. خاڵێکی زۆر گرنگ لە سیستەمی کۆنفیدرالیدا ئەوەیە؛ بڕیار بە **کۆیە** نە بە **زۆرینە**. لە سیستەمی حوکمڕانی، لە پەرلەماندا، بڕیار بە پێی زۆرینەبوون دەردەکرێ، بەڵام لە کۆنفیدڕالیدا بە پێی کۆی دەنگەکانە و دەبێت هەموو لایەک ڕازی بێت دەنا تێناپەڕێ؛ واتە ئەگەر کۆدەنگی لەسەر هەر بڕیارێک نەبێت، ئەوا ئەو بڕیارە سەرناگرێ. هەر بۆیە هەموو ئەزموونە

کۆنفیدرالییەکان هەرەسیان هێناوە و نەیانتوانیوە بەردەوام بن.

زۆر جار بۆ کۆمەڵێک ئەنستیتۆی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی، دەستەواژەی کۆنفیدرالی بەکار دەهێندرێ؛ بۆ نموونە باسی یەکێتی ئەفەریقا و کۆمکاری نێودەوڵەتی (عصبت الامم) وەک کۆنفیدرالییەکی بەرفراوان دەکرێ، بەڵام وەک نموونەیەکی پرپێست دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم چەند نموونە دەگمەنە بکەین؛

- کۆنفیدرالیەتی ئەراگۆن (سەدەکانی ناوەڕاست، ئیسپانیا)
- کۆنفیدرالیەتی ئەڵمانی (لە نێوان ساڵانی 1806 تا 1848 ؛ لە سەروبەندی پەرتەوازەبوونی ویلایەتەکانی ئەڵمانیا، هەر یەک لە ژێر دەسەڵاتی نەمسا یان فەرەنسادا بوون)
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (ساڵی 1860 بۆ 1865 ، لە نێوان 11 ویلایەتی خوارووی ئەمەریکا)

ئەم دوو نموونەی خوارەوە لە ڕاستێتی دۆخی هەرێمی کوردستانەوە نزیکترن:

- کۆنفیدرالیەتی سنجامیا ( لە نێوان ساڵانی 1982 تا 1989 ، لە نێوان سنیگال و جامایکا.
- کۆنفیدرالیەتی سرِبیا و مۆنتینیگرۆ (لە نێوان ساڵانی 1918 تا نزیکەی 1948، لە پێکهاتەگەلی سەرەکی وڵاتی یۆگۆسلاڤیا بوون؛ دواجار کە کۆماری یوگزلاڤیا دامەزرا، ئەوانە بوونە بەشێکی سەرەکی ئەو وڵاتە. یۆگۆسلاڤیا هەڵوەشایەوە و سرِبیا و مۆنتینیگرۆ داوایان کرد وەک بەشێک لە یەکێتی یوگۆسلاڤیا بمێننەوە. ئەوان خۆیان بە میراتگری ئەو یەکێتییە دەزانی! هەڵبەت دواجار بینیمان کە چۆن لێکهەڵوەشان، سربیا و مۆنتینیگرۆ هەتا ساڵی 2003 لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بوون، بەڵام دواتر مۆنتینیگرۆ داوای سەربەخۆییەکی زیاتری کرد و ئەو داخوازییە یەکێتی کۆنفیدرالی لێکەوتەوە. کۆنفیدرالییەکەش تەنیا 3 ساڵ درێژەی خایاند. پاشان لە مۆنتینیگرۆ ڕاپرسی کرا و بەمجۆرە سەربەخۆیی تەواوی وەرگرت.

هیچ ڕەهەندێکی یاسای نێودەوڵەتی، یەکێتی کۆنفیدرالی وەکو **دەوڵەت** لەخۆ ناگرێ، واتە لە نەتەوە یەکگرتووەکان نابێتە ئەندام، بەڵام زۆر ئاساییە کە وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەردەوام بێت.

کۆنفیدرالیەت یەکێتییەکی **زۆرەملێیی** و ئیجباری نییە. کاتێک لە چوارچێوەی فیدرالیداین لەبەر هەندێک بەربەستی یاسای نێوخۆیی و نێودەوڵەتی ناچار دەبی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بمێنیتەوە، بەڵام هەر کە دان بە هەبوونت دانرا، ئەو کات ئەو ئاستەنگانە لێت قووت نابنەوە.

دەبێ بزانین خاڵی هاوبەش لە کۆنفیدرالییەتدا چییە، ئەو لایەنە ئەرێنییانەی دوابەدوای باسکردن لەسەر ئەم بابەتە

دەستمان دەکەون چیین، پرسی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکان بەگشتی لە کوێی ئەم مژارەدا جێ دەگرێ؟! ئاوڕدانەوە لە وردەکارییەکانی هەر یەک لە ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی هاوپێوەند بەم مژارەوە، گرنگایەتیی تایبەتی دەبێ، بۆ نموونە لە ڕووی ئەمنییەوە، ئایا هەرێم و بەغدا تا چەندە مەترسی هاوبەشیان دەبێت، ئایا مەترسی هاوبەش نێوان ئێمە و عێراقییەکان زۆرترە یان هی نێوان عێراقییەکان و ئێرانییەکان؟!

ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئێمە نە خاڵی هاوبەشیی ئەمنی و ئاسایشیمان لەگەڵ عێراقییەکاندا هەیە کە بتوانین لەگەڵیاندا بەردەوام بین و کۆنفیدرالیەت پێکبهێنین، نە هاوبەشیی ئابووریشمان لە ئاستێکی بەرفراوان دایە. ئەوا ئێستە ئێمە پەیوەندی ئابووریمان لەگەڵ تورکیا زۆر بەهێزترە هەتا لەگەڵ عێراق! واتە ئەگەر باسی ئابووری لە ئارادا بێت ئەوا دەبێ لەگەڵ تورکیا کۆنفیدرالییەت پێک بهێنین نەک لەگەڵ عێراق!

ئێمە ئەگەر بمانەوێ باسی کۆنفیدراڵیەت بکەین، دەبێ سەرەتا باسی **مافی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان** بکەین؛ واتە دەبێ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان درووشمی سەرەکی بێت. دەبێ یان باسی **جیابوونەوە** بکەین یان باسی **لێک هەڵوەشانەوە** و نەمانی دەوڵەتێک بەناوی عێراق؛ کە وایە لەدوو حاڵەتدا ئێمە سەربەخۆیی وەردەگرین:

- لە حاڵەتێکدا کە بڕیار بدەین جیا دەبینەوە (ئینجا دەوڵەتێک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەناوی عێراق بمێنێت، هەموو پابەندبوونێکی نێودەوڵەتی هەبێت، هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە دەوڵەتی عێراقەوە هەبێ، ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن).
- لە حاڵەتێکی تریشدا چیدی دەوڵەتێک بە ناوی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا نەمێنێت. ئەمە سەبارەت بە جیابوونەوە زۆر ئاسان نییە، چونکە ئێستەشی لەگەڵدا بێ وشەی جیابوونەوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا **زاراوەیەکی توقێنەر و قێزەوەنە**. واتا بیانووی بۆ نادۆزرێتەوە و چ لەڕووی یاسایی یان لەڕووی سیاسیەوە، پشتگیری لێ ناکردرێت. بۆ نموونە ئەمەریکا یەک لەو دەوڵەتانەیە بە هیچ شێوەیەک پشتگیری دەوڵەتێکی جیابووەوەی نەکردووە!

لە حاڵەتی عێراقدا، کورد و سوننە (بۆ نموونە) دەتوانن بڵێن **هاوسەنگی لە نێوان دامەزراوەکانیی ئەم سیستەمە فیدراڵییە بوونی نییە**، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئێمە وەکو پشک، کۆمەڵێک وەزارەتمان وەرگرتووە، کە سوودی پێویستمان لێی نەبینیوە. بەڵگەنەویستە کە بڕیارەکان گوزارشت لە هەموو گەلی عێراق و پێکهاتەکانی عێراقی ناکەن، بەڵام بە حوکمی بەشداریێتی، ئێمە ڕەوایی و شەرعییەتمان بەوە داوە کە ئەوان نوێنەرایەتی هەموو عێراق بکەن! ئەگەر دەوڵەتی عێراق لەسەر لێواری لێک هەڵوەشانەوە بێت گونجاوترە کە ئێمە داوای جیابوونەوە بکەین یان دەبێت هەماهەنگییەک لەگەڵ سوننەکاندا هەبێت کە بەیەکەوە ئەو داوا ڕەوایە بهێننە گۆڕێ.

ئێمە کێشەی ناوچە دابڕاوەکانمان هەیە؛ ئەگەر وەک مافێکی یاسایی ناتوانی داوای ئەو ناوچانە بکەین، ناشتوانین ئەم پڕوپاگەندەیە بکەین (بلێین ئەمە بەشێکە لەخاکی کوردستان، یان ئێمە دەیپارێزین یان دەوڵەتی بەرامبەر بەشێک لەخاکی ئێمەی داگیرکردووە). لە وەڵامدا پێت دەڵێن ئەم ناوچانە کێشەیان لەسەرە و هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە، هەرچەندە لە دەسنیشانکردنی ناوچەکەش، تەنها ناوی کەرکووک هاتووە.

**دانپێدانانی نێودەوڵەتی** لەم پرسەدا دەوری سەرەکی دەگێڕێت. بۆ ئەم مەبەستە هەندێ مەرج زەق دەبنەوە، لەوانەیە:

- مەرجی کلاسیک
- مەرجی چالاکبوون و بەردەوامێتی (توانای مانەوە و خۆبەڕێوبردن)
- مەرجی بوونی قەوارەی دیاریکراوی خاک، خەڵک، دەسەڵات و سەروەری

بە پێی گوڕانکارییەکانی ناوچە و هەندێ خاڵی جێ سەرنج، دەتوانم لەسەر هەڵوێستی هەر یەک لە وڵاتە کاریگەرەکان لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم گریمانەگەلە بخەینە بەر باس و لێکدانەوە؛

ئەمریکا بە هیچ کڵوجێک لەگەڵ جیابوونەوەدا نابێت. هەڵوێستی ئێران، شێعەکان و تورکیا لەسەر ئەم مژارە زۆر هەستیار نابێت. ئێرانییەکان دەڵێن با هەرێمی کوردستان لەو سنوورە بۆ خۆیان جیا ببنەوە، ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەسەری نییە. هەڵوێستی تورکیاش ئەوەیە کە بەپێی ئەو هاوکێشە هەرێمیانەی ئێستا ڕوویداوە، لە هەندێ ڕووەوە و بۆ بەرەنگاری لەگەڵ دەسەڵاتی ڕوو لە گەشەی شێعەکان، هەبوونی هەرێمێکی کوردی دەتوانێ بە سوودی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بشکێتەوە. تورکیا پشتیوانی ئەوە دەکات کە وا هەرێمی کوردستان لە ڕووی وزە و ئابوورییەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بەتەواوەتی توانایی هەبێت کە سەربەخۆیانە مامەڵە بکات، بەڵام دۆخی کوردەکان نەگاتە حاڵەتێکی لە چەشنی جیابوونەوەیەکی تەواو.

جێ ئاماژەیە کە لایەنە جیاوازە کوردییەکانیش دەبێت لەسەر ئەم مژارە ستراتێژی و سیاسەتێکی ڕوون و هاوبەشیان هەبێت، هەتا بتوانن بە تین و هێزێکی شیاو داکوکی لەو گەڵاڵەیە بکەن.

پرسێکیتر ئەوەیە ئاخۆ ڕادەی گەشەسەندنی دیموکراسییەت لەم فێدراڵ و کۆنفیدراڵیەتەدا لە چە ئاستێکدا دەبێت؟ ساڵانە چەندین ڕاپۆرت لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە دنیادا دەردەچن، لەمدوایانەدا لەسەر هەلومەرجی ئازادی و مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، ئاماژە بە خاڵگەلێکی نەرێنی کراوە. ئەمە لەسەر ڕادە و چۆنیەتی پشتگیری نێودەوڵەتی لە مافە ڕەواکانمان کاریگەری نەرێنی دەبێت.

هەندێک دەڵێن لە دارشتنی دەستوری ئێستای عێراقدا، کوردیش بەشدار بووە، کە وایە باسکردن لەسەر سەربەخۆیی لەئاکامی ئەم بەشدارییەدا، نەکراو دەبێت! واتە هەر ئەم دەستوورە دەبێتە ئاستەنگ. دابەزاندنی دەستووری عێراقیش بە سانایی نایێتە ئەنجام، ئەو دەستوورە پشتگیری نێونەتەوەیی لە پشتەوەیە. جگە لەمانەش، کورد لە ساڵی 2003 دا بۆ خۆیان مانەوە لەگەڵ عێراقییان لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵی پەسەند کرد و لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕینی هەڵویست قەبووڵ ناکرێت. دەبێ باش لەوە تێبگەین کاتێک ئێمە بە ویستی خۆمان باس لە پێویستی یەکپارچەبوونی عێراق دەکەین، ئەو درکاندنە دواهاتی دەبێت.

هەڵبەت گۆڕانکارییەکانی ناوچە بە ڕادەیەک هەستیارن کە ناکرێت بە بڕیارێکی بەپەلە، لە سەر پرسگەلێکی لەم چەشنەوە بدوێین. ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە گێژاوی ڕووداوگەلی مەترسیدار و هەستیاردایە؛ بەشار ئەسەد دەڵێ تا سەری ساڵ هەموو شتێک تەواو دەبێ، حەسەن نەسروڵڵا دەڵێ هەموو شتێکمان تەواو کرد! شەڕی سوننە و شێعەکان تا دێت گەرمتر دەبێت. تێرۆریستەکان هەڵەکانیان قوستووتەوە و ناوچەگەلێکی گرنگییان بە دەستەوە گرتووە. لەم نێوەدا تورکیا بە دوای چی دایە؟! سعوودیە و ئێران چ داهاتوویەک لە مێشکییاندایە؟! کە وایە پێویستە تێکڕای لایەنەکانی ئەم باسە ببینین هەتا تووشی هەڵەیەکی قەرەبوونەکراو نەبین.

خوێندنەوەیەکی قووڵ لە ڕووداوە مێژوویەکان لەڕادەبەدەر گرنگە. ئێمە ئەگەر بە باشی لە مێژووی خۆمان و ناوچەکە تێنەگەین، لە پێشبینی و بڕیارەکانماندا ڕووبەڕووی هەڵە دەبینەوە.

سیناریۆ شیمانەکراوەکانیی لێکهەڵوەشانی عێراق؛

- لەڕووی خاکەوە (ئەگەر کورد و سوننە جیاببنەوە) بەشی هەرە زۆری خاکی عێراق لەعێراق جیا دەبێتەوە.
- هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر و متمانەپێکراو لە ئارادا نییە هەتا شێعە بە زۆرینەی عێراق بزانین؛ هەم لەبەر ئەوەی کە سەرژمێرییەکی زانستی نەگەیشتووتە ئەنجام و هەمیش لەبەر ئەوە تورکمانەکان و بەشێکی زۆری کوردەکانیش بە هەڵە وەک شێعە بە ئەژمار هاتوون.
- هێنانە گۆڕی شەڕێکی خوێناوی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە کە لە ئەگەری یەکگرتنی کورد و سوننەکان، تووشی نسکۆ دەبێت و بەمجۆرە دەوڵەتی ناوەندی بۆ هەمیشە کز دەبێت.

کەمتەرخەمی و ناشارەزایی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی ناوچە دابڕاوەکاندا، هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستە،

ئەو کێشەیە بۆ کورد قووڵتر و قووڵتر کردووتەوە. جێبەجێ نەبوونی ماددەی 140 و دواکەوتنی چارەسەر کردنی ئەو پرسە، لە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، خەسارێکی گەورە دەبێت (کە مالیکی بۆ دووەم جار لەئاکامی پشتگیری کورد، وەک سەرۆکی حکوومەت دیاری کرا، هەر باسی مادەی 140ی نەکرد!). کورد لەو ناوچانە دەبێت بەدەر لە گەمەی حیزبی و بە ڕۆحێکی نیشتمانییەوە لە پرسەکە بڕوانێت. یەکنەگرتنی پارتی، یەکێتی و گۆڕان لەو ناوچانە بە قازانجی لایەنی بەرامبەر دێت.

## کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی کێشە لەسەر:

سەرەتا دەمانەوێت کەمێک باسی ماددەی 140 و ئەو کارانەی لە بەغداد و لە پەرلەمان کراوە بە ژمارە و داتا بکەین. پاشان بێینە سەر ئەوەی کە چی بکەین باشە. ئەم دەستورەی عێراق شتێکی زۆر باشە و کورد باشترین کاری ئەوە بووە کە ئەم دەستورەی نووسیوە، بەڵام عەیبەی هەرە گەورەی ئەم دەستورە مادەی 140ـە. ئەگەر ئەو مادەی 140 و هەراج کردنی خاکی کوردستان نەبایە، ئەوا ئەم دەستورە وەک هەمیشە عەرەب دەڵێن لەکاتی نووسینەوەی دەستوردا ئێمە کڵاومان لە لایەن کوردەوە کراوەتە سەر. عەرەبی سوننەکان دەڵێن؛ ئێمە کاتی خۆی مەقاتەعەمان کردووە و شیعەکانیش دەڵێن ئێمە ئەوەندی بە مەرجەعیە و ئایین و مەزهەب و نوێژ چۆن بکرێ چی بکرێ خەریک بووین، ئەوەندەمان ئاگا لە دەسەڵات نەمابوو. کورد هاتووە لە هەموو شوێنێک لوغمێکی داناوە کە ئێستا کۆت و پێوەندی ئێمەی کردووە.

ئەوەی کە لە بایەخی ئەم دەستورەی کەمکردۆتەوە بۆ کورد مەسەلەی مادەی 140 کە تۆ ڕازیبی کە زیاتر لە نیوەی خاکی خۆی بخەیتە ئەگەرێکی دۆڕاو و نەدۆڕاوەوە. بە ڕاستی ئەمە کارەساتە، ئێمە دەبوو ئەو هەڵە مێژووییە نەکەینەوە، لەکاتێکدا چەندین جار شۆڕشی کورد لەسە ئەم بابەتە تێکچووە، زۆر جاریش کە خاکێک تەنانەت ئەگەر یەک کوردیشی تێدا نەبێت و هەمووشی تەعریب کرابێ دەبێ هەر بڵێی کوردستانە، نەک تۆ بێیت و بە دەستی خۆی بیخەیتە ڕاپرسیەوە.

یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە. ئەمیش دەستوور بوو. ئەمە بۆ قۆناخی گواستنەوە بوو، قۆناخی گواستنەوە واتە دەبێت تۆ هەندێک شت هەیە بیانکەی تا بچیتە قۆناخی ئاساییەوە. بە کۆتایی هاتنی قۆناخی ئیدارەی دەوڵەت و دانانی دەستور، قۆناخی ئاسایی دەست پێدەکات، مادەی 58 بەشێک بوو لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت.

ئێمەی کورد، هەڵەیەک کە لە پێش نووسینەوەی ئەم دەستورە کردمان، ئەوەبوو ڕازی بووین کە مادەی 58 لە قۆناخی گواستنەوە بۆ مادەی 140 ناو دەستور و قۆناخی ئاسایی بگۆڕین. لە کاتێکدا نەدەبوو ڕازیبین قۆناخی گواستەوە پێش جێبەجێ کردنی مادەی 58 کۆتایی پێ بێت. بەڵگو دەبوایە دەربازبوون لە قۆناخی گواستنەوە بە جێبەجێ کردنی مادەی 58وە ببەستینەوە. لە قۆناخی گواستنەوەدا هیچ شتێک بۆ مادەی 58 نەکرا، لە کاتێکدا کە مادەی 58 دەبوایە چارەسەری ناوچە جێناکۆکەکان بکات و قۆناخەکە کۆتایی پێ نەیەت.

سەرتا مالیکی زۆر باش هاتە پێشەوە، مادەی 22 لە بەرنامەی حکوومەتەکەی مالیکیدا هاتووە کە پێویستە تا بەرواری 2007/3/31 تەتبیع بکرێ، هەروەها لە 2007/7/31ـیش سەرژمێری بکرێ، وە لە 2007/11/15ـیش ڕاپرسی بکرێ، ئەمە زۆر باش بوو. حکوومەت هات خاڵی خستە سەر پیتەکان، بەڵام ئەوکاتیش هەڵەی گەورەی کورد دووبارە ئەوەبوو؛ ڕاستە مالیکی هات بەرنامەیەکی جوان و کاتیشی بۆ دیاری کرد، بەڵام هەڵەی گەورەی ئێمە لەوکات ئەوە بوو لە

موازەنەکەدا ئەوکات 29 ملیۆن دۆلار بۆ ساڵی 2006 تەرخان کرد و لە 2007 یشدا 267 ملیۆن دۆلار بوو. لە کاتێکدا تەتبیع کراوە بە پارە، چونکە تەتبیع واتە گەڕانەوەی دەرکراوەکان و ناردنەوەی هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش دەبێ پارە هەبێت و بیاندەیتێ.

لیژنەی تەتبیع بڕیاری داوە هەر هاتوویەک 20 ملیۆن دیناری بداتێ و هەر گەڕاوەیەکیش 10 ملیۆن دینار و پارچەیەک زەوی پێ بدرێت، واتە تەتبیع کە قۆناخی یەکەمی جێبەجێ کردنی مادەی 140ـە و پێویست بوو لە 2007/3/31 کۆتایی پێ بێت، لیژنەکە لە 2006 سەرژمێریەکی کرد بڕی ئەو پارەیەی کە بۆ مادەی 140 پێویست بوو 2 ملیار و 400 ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام مالیکی ساڵی یەکەم 29 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردبوو. لە ساڵی دووەم کە دەبوو لە 2007/12/31 کۆتایی بێ، تەنیا 267 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرد. ئەوکاتەی ئەوانەی نوێنەرایەتی کوردیان لە بەغدا دەکرد، هەڵەکە یان نەزانیەکەیان ئەوە بووە کە دەبوو لەوکاتدا بیانگوتبا باشە کە تۆ خۆت ناچار کردووە کە ئەم مادەیە لە ساڵی 2007 حەوت کۆتایی پێ بێت، باشە چۆن بۆ تەتبیع کە بە پارە دەکرێ چۆن 29 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان دەکەی؟ چۆن ئەم بڕە پارەی ئەم کارەی پێ جێبەجێ دەکرێ؟، ئەگەر ئەوکات رازینەبوینایە و بمانگوتبا دەبێت ئەم ساڵ 2 ملیار و 400 ملیۆنەکەی بۆ تەرخان بکەی، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە 7/31 سەرژمێری دەکرا و لە 11/15ـیش ڕاپرسیەکە دەکرا.

سەرۆکی لیژنەکە کوردە و بڕیاریانداوە ئەوەندەی پێویست بێ، بەڵام لە 2006 تەنیا 29 ملیۆن دۆلار، لە 2007ـیش 267 ملیۆن دۆلار، لە 2008ـیش 200 ملیۆن دۆلار، لە 2009ـدا 272 ملیۆن دۆلار، لە 2010 و 2011 و 2012 و 2013ـیشدا 172 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرابوو. ژمارەی ئەو هاوردەکراوانەی کە سودیان لەم پارەیە تا ساڵی 2010 بینی 10986 خێزان بوو، کە ئەم ژمارەیە هەمووی ناوچە کوردستانیەکانە خواروی عێراقی تێدا نییە، ژمارەی ئاوارە گەڕاوەکانی کوردیش 65300 خێزان سودمەند بوونە و ناسنامەکەیان گۆڕیوە بۆ کەرکووک، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تا 2010 بڕی 873 ملیۆن دۆلار بە خەرجی مەکتەبەکانی لیژنەکەشەوە سەرف کراوە، چەندی ماوەتەوە؟ تا 2010 عەرەبی هاوردە 8500 خێزانی ماوەتەوە، ئاوارەکانیش 116 هەزاریان ماوەتەوە، چەندیش پارەیان پێویستە؟ ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلار. لە لیژنەی کوتلەکوردستانیەکاندا لەسەر رێک کەوتبووین بە مەرجێک من گوتم ساڵێک سەرۆکی هەرێم گوتی نا دەبێت بڵێین شەش مانگ، بەڵام رێک کەوتین کە دەبێ لە ساڵی یەکەمدا جێبەجێی بکات.

کە مالیکی بۆ دووەم جار بووەوە بە سەرۆکی حکوومەت، نەک هەر باسی مادەی 140ـمان لەگەڵ نەکرد کە لە لیژنەی کوتلەکوردستانیەکاندا لەسەر رێک کەوتبووین بە مەرجێک من گوتم ساڵێک سەرۆکی هەرێم گوتی نا دەبێت بڵێین شەش مانگ، بەڵام رێک کەوتین کە دەبێ لە ساڵی یەکەمدا جێبەجێی بکات، کە مالکی بە رازیبوونی کورد بۆ دووەم جار بوو بە سەرۆکی حکوومەت و بەرنامەی کاری حکوومەتی نارد بۆ پەرلەمان مادەی 140 هەر تێدا نەبوو، لە کانینەی یەکەمی مالیکی مادەی 22 تێدابوو وەک باسم کرد، بەڵام لە بەرنامەی کابینەی دووەمیدا هیچی تێدا نەبوو. لە پەرلەمان کاتێک بەرنامەی حکوومەت دەگات لیژنەی بۆ دروست دەکرێ بۆ پێداچوونەوە بە بەرنامەکە و لەو لیژنەیە کوردیشی تێدا بوو، ئێمە داوامان کرد مادەی 140 جێبەجێ بکرێ بەڵام چۆن؟ لە مادەی یەکەمدا دەڵێ حکوومەتی عێراق پابەندە بە بڕگە و مادەکانی دەستوور بە مادەی 140ـیشەوە، ئیتر ئەگەر سەیری بەنامەی کاری یەکەم کابینەی مالیکی بکەی لە مادەی 22 کاتی جێبەجێ کردن و تەواو بونیشی تێدا بوو، بەڵام لە دووەم بەرنامەی کابینەکەی مالیکی هەر باسی ناکات، هەروەها پارەکەش تەرخان نەکرا، کەوابێ هەر لە سەرتاوە دیار بوو کە ئەمەش درۆیە و جێبەجێ ناکرێ، نە لە 2011 و نە لە 2012 و 2013یش پێمانداگرت بۆ ئەوەی ئەم بڕە پارەیە بۆ مادەی 140 تەرخان بکرێت، وە من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر پێمان دابگرتبا وەک ئەوەی ساڵی پار بۆ پارەی کۆمپانیا نەوتییەکان کردمان ئەوا هەموو پارەکەیان

تەرخان دەکرد.

ئێستا ئەو ژمارە لە پارەکە نەماوەتەوە بۆ؟ دوای ئەوەی دەورەی یەکەمی حکومەتی مالیکی کۆتایی پێهات ئەوکات سەرۆکی لیژنەی مادەی 140 رائید فەهمی بوو کە کەسێکی زۆر کورد دۆست بوو، ئێستا هادی عامری سەرۆکی لیژنەکەیە، هادی عامری خۆی بەکورد دۆست دەزانێ، بەڵام کەسێکی زۆر مەزهەبییە، کەسێکی ئێرانیشە، ئەوان تموحی گەورەیان هەیە کە عێراق هەمووی بۆخۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

هەر لە یەکەم رۆژی هێنانی هادی عامری ئێمە گومانمان هەبوو کە ئەوان دەیانەوێ مادەی 140 بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داندرا و لێزانانە پەرتەوازەی بکەن، سەرەتا هاتن شارەکانی خواروی عێراقیان خستە سەر، بەسرە و بابل و زیقار و کەربەلا و نەجەف و چەندانی دیکەیش، سەرەنجام ئەمەیان زۆر گەورەکرد. بۆ نمونە: یەکەمجار لیژنەی مادەی 140 سەرژمێریان کردبوو کە هەموو خێزانە هاوردەکان ئەوەندەن و هەموو دەرکراوەکانیش ئەوەندەن، ئەو هات زیادی کردن، جارێکی تر رێژەی هاوردەکان بەرزبۆوە، بڕیاروابوو 10 هەزاری لێ مابێتەوە وەک باسم کرد، ئێستا جارێکی تر خەڵکی دیکەی هاوردەکانیان نوسیوەتەوە و بووە بە 33 هەزار، دەرکراوەکانیش بووە بە 509 هەزار، لەم 509 هەزارە 200 هەزاری هی کوردستانە و 300 هەزاری هی خواروی عێراق واتە عەرەبە، ئەم خەڵکانەش هەمووی پارەی دەوێ، بە شێوەیە بێت پارەکە دەگاتە شەش حەوت ملیار دۆلارێک، ئەو پارەیەش نادەن، ئەمە تەنیا مەبەستیان ئەوەیە لەو 170 ملیۆنەی ساڵانە بۆ مادەکە خەرج دەکرێ بە پچک پچک دابەشی بکەن و 140 بڕوا بۆ خواروی عێراق و بیست سی ملیۆنەکی بۆ کوردستان دەمێنێتەوە واتە بۆ ئەوەی سەد ساڵی دیکەیش تەواو نەبێت، دەستورەکەش دەڵێ تا ئاسایی کردنەوە واتە تەتبیع تەواو نەبێ ناچین بۆ سەرژمێری، تا سەرژمێریش تەواو نەبێ ناچین بۆ راپرسی، ئەمەش تەتبیع بەم شێوەیەیە.

بەشێکی تری تەتبیع بڕگەی دووی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی (مجلس قیادة الثورة) و (لجنة شؤون شمال) لەسەر تەعریب و راگواستن، یەکەم بۆ لێسەندنەوەی زەوی کورد لە هاوردە عەرەبەکان دووەم بۆ مەبەستەکانی تەعریب، و 5000 گرێبەستی کشتوکاڵی کە هەندێکیان بە بڕیاری (مجلس قیادة الثورة) کراون و هەندێکیشیان بە (لجنة شؤون شمال)ـی، دەبوایە ئەمانە هەڵبوەشێندرێنەوە، لیژنەی مادەی 140 هەر لە 2007 بڕیاری دەرکردووە کە ئەم بڕیارانە هەڵبوەشێندرێنەوە، دوو بڕیاری دەرکردووە بڕیاری ژمارە سێ و چوار، یەکەمیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارەکانی (مجلس قیادة الثورة) بە هاوکاری ئەنجومەنی شورا لەگەڵ (لجنة شؤون شمال)، (لجنة شؤون شمال) هیچی ناوێ کە ئەنجومەنی وەزیران هەڵیوەشاندەوە کۆتایی پێ دێت، بەڵام (مجلس قیادة الثورة) چونکە یاسایە دەبێت کە ئەنجومەنی وەزیران هەڵیوەشاندەوە بینێرێ بۆ پەرلەمان، لە 2007 ناردویانە و لە 2008 تەئکیدیان کردۆتەوە زانرا کە لە مەکتەبی سەرۆک وەزیران خەوتووە، هیچی لێ نەکردووە، من لە 2011 زانیم گرفتەگە لە کوێیە و پەرلەمانتار مافی پرسیارکردنی هەیە، پرسیارەکەت بە دڵ نەبوو دەتوانی بیکەی بە لێپرسینەوە، پرسیارێکم ئاراستە کردن کە شەش بڕگەیە داوا دەکەم کە مالیکی بۆ رێگرە لەبەردەمی ئەو شتانە؟ بۆ لە 2008ـوە بڕیارەکانی (مجلس قیادة الثورة) و (لجنة شؤون شمال) لە مەکتەبەکەی خەوتوون جێبەجێیان ناکات؟ من لە مانگی 8 ناردم و لە مانگی 10 تەئکیدم کردەوە، لە مانگی 11 ئەنجومەنی وەزیران داوای ئەوەلیاتی لە لیژنەی مادەی 140 کرد، کە داوایان کرد و لیکۆڵینەوەیان کرد لە مانگی یەک عێراقیە کشانەوە، ئەوەبوو مالیکی ئەو فایلانەی ئازاد کرد و بڕیاریاندا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی (مجلس قیادة الثورة) و (لجنة شؤون شمال)، دوای ئەوە دەبێ بنێردرێ بۆ پەرلەمان، چیان کرد؟ ئەوەش فێڵێکی دیکەی مالیکی بۆ ئەوەی سزای عێراقیە بدا چونکە ئەوان کشابوونەوە، دوای ئەوە ناردی بۆ ئەنجومەنی شورا کە نابێت بنێردرێ بۆ ئەوێ، چونکە لە 2007 بە هاوکاری و تەنسیقی ئەنجومەنی شورا کردوویانە خۆی کتابی کردووە و دەڵێ

ئەمانە هەڵوەشێننەوە، ئەنجومەنی شوراش سەر بە وەزارەتی دادە و وەزیرەکەشی حەسەن شەمەرییە و کەسێکی مەزهەبییە، ئەویش تەگەرەی بۆ دروست کرد و نەیهێشت تێپەڕێ، من بە برادەرانی کوردم گوت بە خالید شوانی و موحسن سەعدونم گوت کاکە ئەوە ئەنجومەنی شورا دەنگی لەسەر داوە پێویست ناکات دوا بخرێ، وەرن با واژۆ کۆکەینەوە بۆ لیپرسینەوەی حەسەن شەمەری، بۆ لێپرسینە 20 واژۆی دەوێ لێسەندنەوەی بڕوایی 50 واژۆی دەوێ، ئێمە لە بزوتنەوەی گۆڕان 8 کەس بووین بە یەکگرتوو کۆمەڵیشەوە هێشتا بەشی نەدەکرد، ئەوانیش یەکیان لەگەڵمان نەهاتن، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ئەوە پێشنیاری گۆڕانە و ئەگەر بیکەن لەگەڵمان لێیان تورە دەبن. ئەنجومەنی شوراش لە 2011ـوە تا ئێستا نایبنێرێ بۆ پەرلەمان و ئێمەش بێدەنگین.

بڕگەی سێیەمی مادەی 140 مەسەلەی فەرمانبەرانی دەرکراوە، تا ئێستا فەرمانبەرانی دەرکراو لە کارەکانیان زۆریان نەگەڕاونەتەوە، ئەو فەرمانبەرە کوردانەی کە لە کەرکووک و خانەقین و شنگال بە هۆکاری سیاسی لابراون یەکێک لە بڕگەکانی مادەی 140 و هەم لیژنەی جێبەجێ کار دەڵێ دەبێ بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان، تا ئێستا نەگەڕاونەوە، هۆکارەکەی چییە؟ ئەویش فێڵێکی فەنییان کردووە، وەزارەتی مالیە دەڵێ میزانیەی بەکاربەر لە هەموو عێراقدا دیاریکراوە و سەدا 17 دەچێت بۆ کوردستان و سەدا 83 لە باقی عێراقە، دەڵێ مەسەلەی فەرمانبەران لە بەکاربەریدایە واتە (تشغیلی) ئێمە کاتی خۆی کە دیاریمان کردووە لە لەسەدا 17ـکەی هەرێم دیاریمان کردووە بۆیە هەر مۆزەفێک کە بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی دەبێت موچەکەشی لەگەڵ بگوازنەوە و لە بەشی سەدا 17ـکەی هەرێم ببڕدرێت، لە کاتێکدا ئەمە شتێکی زۆر ئاسایی و سانایە، بەڵام تا ئێستا نە هەرێم و نە بەغدا ڕێکناکەون لەسەر ئەوەی ئەم فەرمانبەرانە لەسەر پارەیەکی کەم ئاوا بمێننەوە.

بڕگەیەکی دیکەی ئاسایی کردنەوە بریتییە لە دابەشکردنی یەکە ئیداریەکان، بۆ چاککردنەوەی یەکە ئیدارەییەکان سەرۆک کۆمار پێویستە ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ چاککردنەوەی ئەو یەکە ئیداریانەی کە کاتی خۆی ڕژێمی بەعس لە شارە کوردیەکانی وەک کەرکووک دایبڕیون بۆ مەبەستی سیاسی پێشکەش بکات، سەرەتا لە دەورەی پێشوو دەڵێت لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتییەوە و بە کۆی دەنگ، ئەگەر نەگەیشتنە کۆ دەنگی لە ڕێگەی شارەزا و پسپۆڕانی یوئێنەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، لە بیرتانە لەم دەورەی پێشوو مام جەلال خوا شیفای بدات گوتی من یەکێک لەو شتانەی کە مەبەستمە بۆی بچمەوە بەغدا جێبەجێ کردنی مادە 140، کە هات ئەم پرۆژەیەی پێشکەش کرد بەڵام بە داخەوە زۆر بە ناڕێکی پێشکەشی کرد.

کێشەیەکی تر مەسەلەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵیانەی کە گوتم 5 هەزارن و 3 هەزاریان هەڵوەشاونەتەوە، ئەم گرێبەستە کشتوکاڵیانە کاتیخۆی عەرەبەکان پرۆژەیان لەسەر کردووە، ئەوانە لەخۆیانەوە دروستیان نەکردووە بە ئەمری دەستەڵاتی پێشوو ئەو پرۆژە گەورانەیان لەسەر زەویەکان دروست کردووە بۆیە مافی ئەوەیان هەیە کە زەویەکەی لێ دەستێنییەوە قەرەبوو بکرێتەوە، تا ئیستا پێویستیان بە 14 ملیۆن دۆلار زیادە هەیە ئەمیش هەر ناکرێ.

دوا خاڵ لە کێشەی ئاسایی کردنەوەدا یەکلایی کردنەوەی سکاڵاکانە، بە گوێرەی مادەی 140 و یەکێک لە بڕگەکانی بریتییە لە یەکلایی کردنەوەی سکاڵاکانی کێشەی مڵکداریە، بۆ ئەمە دەستەیەک دروست کراوە بەناوی دەستەی کێشەکانی موڵکداری و دادگاشی بۆ دامەزراندووە، سکاڵاکان زۆر زۆرن لە سلێمانی لە هەولێر لە دهۆک و کەرکووک و هەموو شارەکانی عێراق هەن، تا ئێستا خاوترین دادگە ئەم دادگەیەی، من ڕۆژەک لە 2011 لەگەڵ دەستەی کێشەکان دانیشتین پییان گوتین تا ئێستا کۆی ئەو سکاڵایانەی تەواوبوونە لەسەر ئاستی عێراق سەدا 15 سکاڵانە، باشە سەدا 85 ماوەتەوە، گرفتەکەش ئەوەیە یاسای دەستەی کێشەی موڵکداری دەڵێ دوا مۆڵەت بۆ وەرگرتنی سکاڵاو چارەسەری

کیشەکان 2011/6/1ـە، مانای وایە ئەو سکالآیانەی کە ماونەوە هیچیان چارەسەر نابن. واتە ئەگەر بێین و لە کۆی برگەکانی ئاسایی کردنەوە کە شەش برگەیە، یەکەمیان کە ئاسایی کردنەوەی حکومیە واتە قەرەبوکردنەوەیە بەو زیادانەی هادی عامری خستونیەتە سەری دەتوانین بڵێین سەدا 20 بۆ 30 جێبەجێ کراوە، دووەمیان بریارەکانی (مجلس قیادة الثورة) و (لجنة شؤون شمال)ـیش بەم شێوەیە بوو کە باسم کرد، بریار و پرۆژەکەی سەرۆک کۆماریش ئەوە گرفتەکانی بوو، ئەویش جێبەجێ نەکرا، سکاڵاکان سەدا 85 ـیان ماونەتەوە، گرێبەستە کشتوکاڵیەکان هەڵوەشاونەوە بەڵام بە کردەنی 2 هەزار و قسوریان ماونەوە. کەواتە لەکۆی هەموو بەشی یەکەمی مادەی 140 کە ئاسایی کردنەوەیە سەدا 20ـی دوای چەند ساڵ لە 2006ـوە جێبەجێ نەکراوە.

بەشی دووەم کە سەرژمێریە: سەرژمیریش بۆ ناوچەی کێشە لەسەر هیچ پەیوەندی بە ژماردنەوە نییە، ئێستا عەرەبەکان دەڵێن دەبێ ژماردن (تعداد) بکرێ، لەکاتێکدا ئەوە یاسایەکی تایبەتە و دەڵێ دوای ئەوەی ناوچە جێناکۆکەکان ئاسایی بوونەوە خەڵکەکە گەرانەوە ئەوکات سەرژمێری دەکرێ، عەرەبەکان دەڵێن نابێ، هێشتا نەگەیشتوونەتە سەر ئەوە ئەو شەرە دەفرۆشن ئەی کە بگەینێ چی دەکەن، کە سەرژمێریمان تەواوکرد ئەوجار دەست دەکرێ بە راپرسی، راپرسیش پێویستی بە یاسا هەیە، دەبێ یاسای بۆ دەرچێ یاساکەش جا وەرە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکە دابنێ پاشان لە پەرلەمان تێدەپەرێ یان نا، ئەمەش وەزعە یاساییەکەی ناو پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەرنامەیەکی دارێژاو هەیە بۆ ئەوەی ماددەی 140 لەسەرپشتی کیسەڵ بروات، بەداخەوە کوردیش ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبێت ماددەی 140. هاوکات لەگەڵ ئەو شەرەی بۆ پارەی کۆمپانیاکان دەکرێت ئەگەر بۆ مادەی 140ـیش بکرابا ئەوە زۆر بەرەو پێشەوە دەچوو.

ناوچەی جێ ناکۆک بۆتە سێ بەش، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی تارادەیەک بەهێزە، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ئەوەیە کە رۆژ بە رۆژ لەدەستمان دەچێت، وە لە ئایندەدا لەوانەیە کەرکوکیشمان لەدەست بچێت، وە ناوچەیەکیش لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقدایە وەک سلێمانبەگ و حەویجە با عەرەب بن بەڵام کوردستانن، لە سییەکانەوە عەرەبی بۆهاتووە ئێمە رازین عەرەب هاتوە و دەریان ناکەین، بەڵام بەشێکن لە خاکی کوردستان. من خۆم گەشبینیم بەم شێوەیەی ئێستا و لەسایەی ئەو فرت و فێڵەی ئەوان و لەسایەی ئەم خەم سارديیەی خۆمان سەد ساڵی تریش لە بەغدا بین سەبارەت بەمادەی 140 هیچمان پێناکرێت، بۆیە دەبێت ئێمە زیاتر پەنابەرینە بەر واقع، واقعەکەش ئەوەیە تاوەکو گوێت بۆ دەگیرێت، تاوەکو ئەم جیاوازییەی نێوان ناوچەی جێناکۆکی پارتی و یەکێتی بەردەوام بێت و چارەسەر نەکرێت کە رۆژ بە رۆژ لێمان دەروات وەکو خوێن، بەراستی ئێمە دەبێت پەنا نەبەینە بەر یاساو قانوون، بۆ ئەوەی مادەی 140ـمان بۆ جێبەجێ بکرێت، من ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە، ئێمە زۆر تەسک بینین، هەمیشە خۆمان پێ کەمترە..

## پێشنیارەکان

١- مێژووی عێراق و ئەو یاسایانەی لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە بۆی داندراون، ڕێگای سەربەخۆیی کوردستانی تێدانیە. ئەو یاسایانە، پشتیان بە یاساکانی نێودەوڵەتی قایمە.

٢-بەشداری کورد، لە بنیادنانەوەی عێراق، شەرعییەتی یاسایی دەوڵەتی عێراقی، پتەوتر کردووە.

٣- هەر ئەوەشە دەوڵەتانی دۆستی کورد، ناتوانن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن.

٤- نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا، بە درێژایی مێژووی خۆیان، هەر پشتیوانی مانەوەی دەوڵەتان، بە یەکگرتوویی بوون.

٥- هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق، ڕێگای هەرە لەبارە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

٦- پێویستە لەگەڵ هەموو گۆڕانە مەیدانییەکانی، پرۆسەی لێکترازانی دەوڵەتی عێراق برۆیین. لێرەدا نابێ بە ئاسانی لەگەڵ عێراق ، پەیوەندی ببڕین. بەرژەوەندییە مالی و قانوونییەکانی کوردستان، لە عێراق ماون. لەو یارییە سیاسییە ئاڵۆز و ناکۆکە، نابێ ماندو بین.

٧- پەیدا کردنی پشتیوانی بە هێز لە جیهاندا، کە توانای کۆکردنەوەی ڕەزامەندییان بۆ دەوڵەتی کوردستان هەبێت، تەنیا ڕێگای واقیعییە.

٨- ئەو پاراستنە نێودەوڵەتییە بپارێزین. چونکە دەرکەوت، کوردستان لە بەرامبەر هێرشی چاوەڕواننەکراودا، خۆی پێناپارێزرێت.

٩- لێکتێگەیشتنی نێوان پارتی و یەکێتی، زۆر چارەنووسسازە. یەکپارچەیی کورد لەوێوە دەپارێزرێت. پێویستە تەجرەبەی یەمەن، بەرچاوڕوونترمان بکات.

١٠- ڕاستگۆیی و ڕوونی لەگەڵ میللەت. سەرۆک و سەرکردەکان، پێویستە لە وەرچەرخانەکاندا، ڕاستییەکە بە میللەت بڵێن و داوای خۆڕاگریی لێ بکەن. لە قەیرانە گەورەکاندا، حکومەت هەمیشە بەهێز نیە و خواستەکانی میللەتی پێ دابین ناکرێ.